# ئۆستراليا پشتگيرى لە ريفراندۆمى هەرێم دەكات و بە مافى ڕەواى گەلى كوردستانى دەزانێت


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

رۆژنامەیەكی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستانە

ژمارە (5272) پێنج شەممە 18ی ئایار2017 «16» لاپەڕە «500» دینار




نوێنەری حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە وڵاتی ئوسترالّیا ئاماژە بەوە دەكات كە لەسەر پرسی ریفراندۆم ئاگاداری نوێنەرایەتی ئوسترالیا كراوەتەوە و ئەوانیش بە فەرمی وەڵامیان داوەتەوە. هەڤال دەسكۆ، نوێنەری حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ئوسترالیا لەمبارەوە بە باسنیوزی راگەیاندووە: لە رێگای فەرمی بالیۆزی ئوسترالیا لە بەغدا كە پێش ماوەیەك سەردانی نوێنەرایەتیی حكوومەتی هەرێمی كوردستانی كردبوو، لێمان پرسی هەڵوێستی ئوستراليا لەسەر ریفراندۆم چییە، ئەوان مافی چارەی خۆنووسین و پرسی ریفراندۆم بە مافێكی رەوای گەلی كورد دەزانن، و رێز لە ئیرادە و بڕیاری گەلی كورد دەگرن.

نوێنەری حكوومەتی هەرێمی كوردستان لە ئوستراليا گوتیشی هیوادارین ئەم ریفراندۆمە بە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا یەكلا بكرێتەوە و ئێمەش پێمان راگەیاندن ئەم پرسە بەهەمان شێوە دەستمان پێكردووە و كەناڵی پەیوەندیمان لەگەل بەغدا كردووەتەوە و پێمان باشە عێراق رێز لە ئیرادەی گەلی كورد بگرێت و هیوادارین هەر بڕیارێك گەلی كوردستان دەیدات بەغدا پێوەی پابەند بێت، پێمان خۆشە ئەگەر گەلی كوردستان بڕیاری سەربەخۆی دا ئێمە دوو دراوسێی باش بین بۆ یەكتر بۆ ئەوەی بتوانین ناوچەكە بە ئارامی بپارێزین.

گوتیشی: هەڵوێستی فەرمیی ئوستراليا ئەوەیە كە رێز لە بڕیاری گەلی كورد دەگرن و هەس بە دەردو ئێش و ئازاری گەلی كورد دەكەن و ئەوان گوتیان گەلی كورد چ بڕیاری دا ئەوان رێزی لێ دەگرن. ئەوەشی خستەڕوو، بۆچوونی هاووڵاتیانی كوردی دەرەوەی كوردستان لەگەڵ ریفراندۆمە و زۆر پەرۆشن لە دەنگداندا بەشدار بن.

## حەشدى شەعبى پابەندى ڕێككەوتنەكەى لەگەڵ پێشمەرگە نەبووە

### مەحما خەليل: حەشدى شەعبى بەبێ هەماهەنگى لەگەڵ ئيدارەى شنگالدا هاتووەتە سنوورەكە



قایمقامی شنگال ئاشكرایكرد، پێشتر لەگەل حەشدی شەعبی رێككەوتن هەبووە، تا سوپای عێراق بچێتە نێو سەنتەری ناحیەی قەیرەوان، كەچی چەند رۆژێكە بەهۆی هێرشەكانیان بۆ سەر ناوچەكەوە چەكدارانی حەشدی شەعبی پێشڕەویان كردووە بۆ نێو سنووری قەزای شنگال و دەشڵێت، حكوومەتی هەرێم و بەغدا لەو پێشێلكاریانە ئاگادار كراونەتەوە.

مەحما خەلیل، قایمقامی قەزای شنگال بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموكراتی كوردستانی ڕاگەیاندووە: هێرشەكانی حەشدی شەعبی بۆ سەر ناحیەی قەیرەوان بەردەوامە و بەداخەوە بەرەو هەندێ ناوچەی كوردستانی لە رۆژئاوای قەزای شنگالیش پێشڕەویان كردووە، لە سنووری گوندەكانی تل بەنات و تل قەسەف بەرەو گوندی كۆچ دەڕۆن، ئەمەش پێشێلكردنی ئەو رێككەوتنەیە، كە یەكەمجار لە گوندی سینوی سەر بە شنگال حەشدی شەعبی و بەرپرسانی پێشمەرگە كۆبوونەتەوە و دواتر چەندین كۆبوونەوەی دیكەش كراوە و رێككەوتوون لەسەر ئەوەی دەبێ سوپای عێراق بچێتە نێو ناحیەی قەیرەوان و سنووری قەزای بەعاج، بەڵام حەشدی شەعبی پابەندی رێككەوتنەكە نەبوون. دەشڵێت: مەبەست لە هێرشەكانی حەشدی شەعبی بۆ ناوچە كوردستانییەكانی نزیك ناحیەی قەیرەوان كردنەوەی رێگایەكی وشكانییە بەرەو سووریا و لوبنان، كە ئەمە پیلانی وڵاتێكی هەرێمییە جێبەجێدەكرێت و وەك حكوومەتی خۆجێیی شنگال بە نووسراو حكوومەتی هەرێمی كوردستان و عێراقمان لەو هێرشانەی چەكدارانی حەشدی شەعبی ئاگادار كردووەتەوە، چونكە هیچ هەماهەنگییەكیان لەگەڵ ئیدارەی شنگال نەبووە و هاتوونەتە نێو سنووری شنگال.

## عەرەفات كەرەم: دواكەوتنى گفتوگۆكانى ريفراندۆم لەگەڵ بەغدا لە بەرژەوەنديى كوردستاندا نييە

سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتیی كوردستان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت دەبێ سەرجەم حزبەكانی كوردستان بۆچوونیان لەسەر ریفراندۆم بكەنەوە بە یەك و بەیەك هەڵوێست بچنە بەغدا بۆ ئەوەی لەوێ بەفەرمی پرسی ریفراندۆم باس بكرێت، هەر لایەنێكیش بەشداری دەكات، نوێنەری خۆی بۆ بەغدا دیاری دەكات، ئەوەی بەشداری نەكات، بە فەرمی دەبێت پێمان بڵێت ئێمە بەشداری ناكەین بۆ ئەوەی بە خەڵكی كورستان بڵێین فلان لایەن لەگەڵ سەربەخۆیی كوردستان نییە، بەڵكو لەگەڵ عێراقی یەكگرتووە.

عەرەفات كەرەم بە خەباتی راگەیاند دەبێت لە ناو كوردستان سەرجەم حزبەكان وەڵامی فەرمییان بە نووسراو لەسەر پرسی ریفراندۆم لێ وەربگیرێت، لەگەڵی دان یان نا .هاوكات ڕوونیكردەوە، دواكەوتنی گفتوگۆكانی ریفراندۆم لە بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستاندا نییە، چونكە هەڵبژاردن نزیك دەبێتەوە، ئەو كاتەش هیچ لایەنێكی دەرەكی ئامادە نابێت شەقامی عەرەبی لەخۆی تووڕە بكات لەبەر خاتری كورد، بۆیە چەندە زوو ئاگاداری بەغدا بكەنەوە درەنگە، لەبەرئەوەی شیعە و سوننە لەبەر پرسی هەڵبژاردن، ناوێرن دان بە ڕیفراندۆمدا بنێن. پێشتر هۆشیار زێباری، ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتیی كوردستان بەباسنیوزی ڕاگەیاند كە ئەمساڵ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان ئەنجام دەدرێت. لە وتارەكەی دوێنێشیدا كە لە میانی پانێلێك لە ئەمریكا پێشكەشی كرد، مەسرور بارزانی، راوێژكاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان رای گەیاند، دوای ریفراندۆم، لەبارەی ئەنجامی ڕیفراندۆمەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەكەن.

## هەزاران هاووڵاتيى ئێرانى لە هەرێمى كوردستان مافى دەنگدانيان هەيە



وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ڕەزامەندیی نیشاندا رۆژی هەینیی داهاتوو چەند بنكەیەكی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەكانی ئێران لە هەرێمی كوردستان بكرێنەوە و بەرپرسی پەیوەندییەكانی نێوان حكوومەتی هەرێم و ئێرانیش دەڵێت، هەزاران هاووڵاتیی ئێرانی لەوانەی لە هەرێمی كوردستانن، مافی دەنگدانیان هەیە.

عەبدوڵڵا ئاكرەیی، بەرپرسی پەیوەندییەكانی نێوان حكوومەتی هەرێم و ئێران بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: وەزارەتی ناوخۆی حكوومەتی هەرێم رەزامەندی نیشانداوە، هاووڵاتیانی ئێرانیی دانیشتووی هەرێمی كوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی وڵاتەكەیاندا بكەن و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا، سێ بنكەی دەنگدان بكرێنەوە، ئەوانیش لە قەزای سۆران و بنەسڵاوە و نێو بارەگای كۆنسوڵخانەی كۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەها سندووقێكی گەڕۆكیش بۆ ناوچەكانی پارێزگای دهۆك تەرخان دەكرێت و لە كاتژمێر 7ی بەیانیی رۆژی هەینییەوە تا 7ی ئێوارە هاووڵاتیانی ئێرانی، ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دەتوانن سەردانی بنكەكانی دەنگدان بكەن. گوتیشی: بە پێی ئامارەكانی بەردەست هەزاران هاووڵاتیی ئێرانی لە هەرێمی كوردستان مافی دەنگدانیان هەیە، لەوانە دوو هەزار ئافرەتی ئێرانی، كە پێشتر هاوسەرگیرییان لەگەڵ خەڵكی هەرێمی كوردستان كردووە و ژمارەیەكی زۆریش كارمەند و كرێكار و هاووڵاتیی ئێرانی لە هەرێمی كوردستان هەن، كە لە شوێنە جیاوازەكان و كۆمپانیاكان كار دەكەن و بە فەرمی لە لایەن هەرێمی كوردستانەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، مافی بەشداریكردنیان لە هەڵبژاردنەكانی ڕۆژی هەینیدا هەیە.

## مووسڵ..هەڵاتن لە ترسی ئاگرى شەڕ بەردەوامە



2

### بەرپرسى لقى پارتى لە شنگال:

## هەڕەشەكانى پەكەكە لەسەر هەرێمى كوردستان جددييە

وەحید باكۆزی بەرپرسی لقی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شەنگال و ئەندامی سەركردایەتیی پارتی ڕایگەیاند هەڕەشەی پەكەكە لەسەر هەرێمی كوردستان جددییە، چونكە بەیاننامەكانی پەكەكە تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا نەماون و ئێستا باس لە بژادەی سەربازی دەكەن، هەڵبەتە دەبێ هەموو ئامادەكارییەك هەبێت، چونكە پەكەكە رای گەیاندووە ئەوان شەڕ دەگوازنەوە بۆ باشووری كوردستان.

باكۆزی بۆ خەباتی ڕاگەیاند دەبینین لە خانەسۆر جووڵەی پەكەكە زۆر بووە، بەتایبەت دوای قسەكانی رەزا ئاڵتوون، ئەندامی كۆنسەی بەڕێوەبەریی پەكەكە كە بەم دواییانە باسی لە جۆرێك لە شەڕ لەگەڵ باشووری كوردستان كردبوو، رەنگە ئەمە یەكەم زەنگی ئاگاداركردنەوەی شەڕیان بێت، بۆیە گرنگە هەموو لایەك ئەوە بزانن پەكەكە ناتوانێت بەبێ شەڕ لە باشووری كوردستان بمێنێتەوە، رەنگە هەندێك ئامادەكاری بكات بۆ ئەوەی فیتنەیەك بنێتەوە و خۆی بكات بە خاوەنی گرفتەكە و لەو رێگایەوە شەڕ دروست بكات . بەرپرسی لقی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شەنگال ، ئەوەشی خستەڕوو، كرداری پەكەكە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا زۆر جیاواز بووە، جۆرێك لە دنەدانی شەڕیان هەیە، لە كاتێكدا سەرجەم چالاكییەكانی خۆیان لە باكووری كوردستان كپكردووە و دەیانەوێت لە باشووری كوردستانەوە هەڕەشە بكەنە سەر ئارامیی وڵاتە دراوسێكان بۆ ئەوەی هانیانبدەن باشووری كوردستان بۆردومان بكەن و لەو رێگایەشەوە بیانوو بۆ پەكەكە دروست ببێت، تا بێتە خاكی باشووری كوردستانەوە. شایانی باسە رۆژی سێشەممە پارتی كرێكارانی كوردستان PKK لە ڕاگەیەنراوێكدا كە لە میدیاكانی خۆی بڵاوی كردبووەوە، بە توندی هێرشی كردبووە سەر پارتی دیموكراتی كوردستان و تێیدا چەندین دەستەواژەی هەڕەشەئامێزی بەكار هێناوە.